# تیشکێك لە سەر چیرۆکەکەی نەجات رووستی

کوردی

کاتێک بەسەر هاتی ئەم ئافرەتەم خوێندەوە لە نووسراوەکەی کاک نەجات، هەندێ بیرەوەری تاڵی بە بیر هێنامەوە کە چۆن قاچاخچی یەکان شەرەفی کوردیان ئەتک ئەکرد، هەموو جارێ لە بیر کردنەوەیەکی قوڵ دابووم کە قاچاخچی لە چی درووست بوو، هۆکارەکان چین، بۆیە بە شێوەیەکی زنجیرەیی بە دووای هۆکارەکان ئەگەرام و لێکم ئەدایەوە هەر بە زنجیرەش تاوانبارەکانم ئەنووسی.

لەم نووسراوم هەندێ لە هۆکاران باس ئەکەم کە بوونەتە هۆی دروست بوونی ئەم بەد مرۆڤانە

– بێگومان یەکەمین هۆکار کە قاچاخچی دروست کرد نەبوونی دەولەتی کوردی، ئەگەر کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ با، کورد بۆ هەولی کۆچ کردنی ئەدا، بۆچی ئەبووین بە پەنابەر لە وڵاتێکی بێگانە کە هەموو رۆژی لە دەزگاکانی راگەیاندن بە نرخێکی زۆر کەم باسمان ئەکەن. ئەگەر وڵاتێکی سەربەخۆ باین ئێمەش وەک خەلکانی تر بە پاسپۆرتی وڵاتەکەمان بۆ گەشت و گوزار ئەهاتینە ئەوروپا نەک وەک پەنابەرێک. کەواتە نەبوونی دەولەتی کوردی یەکەمین هۆکارە بۆ درووست بوونی قاچاخچی

_هۆکارێکی تریش هەیە کە کۆچ و کۆچباری لە ناو کوردستان دروست کرد ئەویش نا تەبایی هێزە کوردیەکانە هەروەها خەرج نەکردنی داهاتی کورد بۆ کورد، بێ دەرامەتی وای کرد کۆچ کردن زیاد بکات، ئەم کۆچەش پێووستی بە قاچاغچیە، کەواتە ئەم بارە زەمینە خۆشکردنە بۆ دروست کردنی قاچاغچی.

_ مەڵبەندی حیزبیەکان لە ئەوروپا: ئەمەش هۆکارێکی ترە کە یارمەتی قاچاغچیەکان ئەدەن و رێگایان پێئەدەن کە دەست درێژی لە ناموسی کورد بکەن، هەموو قاچاغچیەکان کە لە ئەوروپان لە نێو ئەم مەلبەندانە ئاشکران و بەلکو ئەزانن کە نەفەرەکانیان کەی ئەگەن و چەند پارە وەرئەگرن، تەنانەت ئەزانن چ ئافرەتێک دەست بۆ ناموسەکەی درێژ کراوە کەچی زۆر بێ هەلوێستن، زۆر چاک ئەم حیزبانە ئەتوانن گوێ قاچاغچیەکان بگرن بەڵام خۆیان بەرژەوەندیان لەگەلیاندا هەیە، قاچاغچیاکان بەهیچ شێوەیەک ناتوانن دەست درێژی بۆ سەر کەسێک بکەن ئەگەر کەس و کارەکەی لێپرسراو بێت، چونکە کاتی وا روویداوە کە دەسیان بۆ کەسێک درێژکردووە بەڵام کەس و کاری قاچاغچیەکان لە کوردستان گیراون و ئازار دراون، کەواتە حیزبە کوردستانیەکان ئەتوانن رێ لە کرداری بەدکاری قاچاغچیەکان بگرن، بەڵام نای کەن.

تەنانەت پارتی کرێکارنی کوردستان ( پەکەکە) دەسەلاتێکی تەواوی هەیە لە یۆنان هەر هەموو قاچاغچیەکان ئەناسن و سەرانەشیان لێ وەردەگرن، قاچاغچیەکان وەک مریشکی بەزیوو بەرامبەر ئەندامانی پەکەکە ئەلەرزن، بەڵام سەیر لەوەیە کە بۆچی ئەم حیزبە کە هێندە غەم خۆری کوردە بەرامبەر ئەم رەفتارانەی قاچاغچی بێ دەنگن، ئاخر ئەم حیزبە ئەتوانێت یەک قاچاغچی لە ئەوروپا نەهێلێت بەتایبەتی لە یۆنان ئەی بۆچی رێگەناگرن؟ ئەم پرسیارە ئەی خەمە بەردەم لێپرسراوانی پەکەکە.

- لە کوردستان سەدان لاوی کچ و کوڕی بێ تاوان کوژراوە، هەموو تاوانەکەیان ئەوە بووە کە خۆشەوویستان کردووە، کوشتنی ئەم لاوانە لەلایەن کەس و کاری ئافرەتەکە سەربەرزی بووە، بەڵام هەر ئەم قارەمانانە بەرامبەر قاچاچچیەکان لە ئەوروپا بێ دەنگن کە بەرامبەر چاوی خۆیان شەرفی خێزانەکانیان ئەت کراوە. ئەم جۆرە کەسانە خۆیان بوار بەم قاچاغچیانە ئەدەن، ئەگەر ئەم پالەوانانە

www.kurdistannet.org

له ڕێگا ناتوانن قسه بکەن ئەی بۆچی که ئەگەنه شوێنی خۆیان تۆلەی خۆیان ناکەنەوه بۆچی له کوردستان هێنده دڕن و کەچی له ئەورووپاش بێ دەنگن، با ئەو کەسەی که ئەزانێ خێزانی ئەت کراوه ئێستا ئەگەر له ولاتێکی ئەورووپیه با بێتەوه یونان با ڕێگای کوشتن نەگرێته بەر خۆی بەلام با لەلای پۆلیسی ئەنتەرپول دەست نیشانی قاچاغچیەکان بکات به تومەتی تەعەدا کردن و قاچاغچیەتی. خۆ شوێنی قاچاغچیەکان دیاره له کوێ دائەنیشن هەموو له چاخانەی ڕووسیەکان و پارکی کۆماندۆرن. سەدان ئافرەتی کورد ناموسی ئەت کرا کەچی نه حیزب و نه کەس وکاری یەکێک تۆلەیان کردەوه. کوردستان زیاتر هەزار قاچاغچی هەیه بەدەگمەن ئەگەر یەکێ تۆزقالێک شەرف و ناموسی هەبێ ئەگەر یەک قاچاغچی به سزایی خۆی بگات بڕوابەکەن هیچ قاچاغچیەکی تر ناتوانێ ئەم دەست درێژیه بکات. بەلام نەمان بیست یەکێک به سزای خۆی بگات بەلام هەزاران لاوی بێ تاوان له کوردستان کوژرا. ئەمەش یەکێکه له هۆکارەکان که قاچاغچی درووست کرد.

لەوانەیه یەکێک پێم بلێت ئەم برایه پەری کۆن هەڵ ئەداتەوه و کێشه بۆ خەلک درووست ئەکات بەلام کۆچ کردنی کورد کۆتای نەهاتەوه قاچاغچیش ڕووی له زیاد بوون دایه بۆیه دەبێ سنورێک بۆ ئەم کەسانه دابنرێت، من ئەو قسانەم ئاراستەی ئەو کەسانەیه که خۆیان به پالەوانی کوردستان دائەنێن و له ئەورووپاش کەلەشێری بەزیون. لەم ڕۆژانه برادەرێکم بابەتێکی زۆر سەیری بۆ باس کردم: ئەلێ ئێستا قاچاغچیەک گەیشتۆته بەریتانیا، لەکاتی خۆی لەگەڵ چەند ئافرەتێکی مێردار سێکسی کردووه له ڕێگا ئێستا واز له ئافرەتەکان ناهێنێت و هەفتانه سەرانەیان لێ وەردەگرێت وه مێردەکانیشیان ئەزانن. من نازانم خەلک ئەمه به چی لێک ئەداتەوه. ئایا ئەمه هۆکارێک نییه که ڕێ بۆ قاچاغچی خۆش ئەکات.

خووشک و برایانی خۆشەویست ئێمه ئەم ڕێگایانەمان دیووه ئەزانین چەند سەخت و دژواره ئەزانم که هەندێ شت له توانای ئێوەدا نیه و ئەم کەسانەش له خالی لاوازی ئێوه سودیان وەرگرتوه بەلام ئێوه پێوسته لەلای پۆلیس دەست نیشانیان بکەن، با بەسزای خۆیان بگەن ئیتر چی تر دەست بۆ ئافرەتی کورد درێژ نەکەن، شەرەفی ئێوه شەرفی هەموو کوردێکه، وه لەو بڕوایه دابن ئەم جۆره کەسانه هیچ خیرەتێکیان نیه تەنها به پالپشتی چەند فس فس پالەوانێکی چەقۆ وەشێن ئەم بەدکارانه ئەکەن بەلام بۆ یەکێک که بەرامبەریان ڕاوەستێ ناتوانن نوکی چەقۆکەش دەربێنن.

بەرێزان ئەمانه میکرۆبی گەلن ئەبێ له ناوبچن، وەکو که درووست بوونه ئەبێ ئاواش لەناوبچن ئیتر به هەر ڕێگایەک بێت.

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیه ئەم نووسینه لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، که بۆچونی (کوردستان نێت)ه، بەلام بەهۆی بڕوا بوونمان به ئازادی دەربڕینەوه، بلاویدەکەینەوه..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیه.

ئەم تێبینیه له ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ٢٠٠٣-١-١٥